

دڵنیایە لەوەی ڕۆناڵدۆ باڵۆن دۆری چوارەمی مسۆگەر کردووە..

# مێسی کار بۆ باڵۆن دۆری شەشەم دەکات

ڕووداوی وەرزشی - CNBC

لیۆنێل مێسی، ئەستێرەی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی چاو بە سیستمی خۆراکی خۆیدا دەخشێنێتەوە. چاودێرانیش دەڵێن «مێسی دڵنیایە باڵۆن دۆری ئەمساڵ بۆ کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالییە، بۆیە دەیەوێ لە ساڵی داهاتوودا بۆخۆی مسۆگەر بکات».

چەند ڕۆژنامەیەکی ئیتاڵی ئاشکرایانکردووە، مێسی دوای یەکەم یاری لالیگا مۆڵەتی لە لویس ئێنریکی ڕاهێنەر وەرگرتووەو 2 ڕۆژ بەنهێنی سەردانی شاری ڤینسیای ئیتاڵی کردووە، بۆ ئەوەی چاوی بە خانمە پزیشکێکی شارەزا لە بواری تەندروستی خۆراکی بکەوێ. مێسی لەوە ڕاهاتووە ماوە ماوە بۆ ئەم مەبەستە سەردانی ئیتاڵیا بکات، بەڵام پێباشبوو سەردانەکەی ئەمجارەی زۆر بە نهێنی بێت، کەچی چاوی ڕۆژنامەکانی ئیتاڵیا زۆر تیژبوو و توانیان بیبینن.

بەپێی ئەو ڕۆژنامانە «مەبەستی ئەم سەردانەی مێسی بۆ دورگە ئیتاڵییەکە ئەوەیە پارێزگاری لە توانای جەستەیی خۆی بکات، چونکە دەیەوێ لە وەرزی نوێدا وەک باشترین یاریزانی جیهان دەرکەوێت و ساڵی 2017 ژمارەی باڵۆن دۆرەکانی بکاتە 6 باڵۆن دۆر، چونکە دڵنیایە ئەمساڵ ڕۆناڵدۆی ڕکابەری دەکاتە 4 باڵۆن دۆر». هەروەها ئەو ڕۆژنامانە دەڵێن «مێسی بڕیاریداوە بەرنامەیەکی خۆراکی بەدەستبێنێت، کە بەهۆیەوە ڕێگە لە قەڵەوبوون بگرێت و بۆ چەند ساڵێکی دیکە پارێزگاری لە توانای جەستەیی خۆی بکات، نەخاسمە کە تەمەنی لە 30 ساڵی نزیک دەبێتەوە».


WWW.RUDAW.NET

ڕووداو وەرزشی

ژمارە (414) سێشەممە 2016/8/30 8ی گەلاوێژ - 2716 (500) دینار

ڕۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات


## ناوی خۆی بە پیتی زێڕین لە مێژوودا دەنووسێت..

# EMPEROR



"ڕۆناڵدۆ وەک ئەو ئۆتۆمبێلەیە کە ملیۆنەها کیلۆمەتر دەبڕێت"


« 3


### هێرۆ ئاڵای کوردستان دەباتە بەرزترین شوێنی جیهان




2


### بە فەرمانی دیکتاتۆر هەموو مشکەکانی ئۆلیمپیاد بۆ زیندان




6


### براوەکانی (49)یەمین لۆتۆی (ڕووداوی وەرزشی)

1 ـ ئالان ئەکرەم مەجید
2 ـ ئاری باقر ئەحمەد
3 ـ حەمید ئیسماعیل ڕەسوڵ
4 ـ ئیبراهیم محەممەد ئەحمەد
5 ـ هێمن موحسین مستەفا

LOTTO


8




# زینەدین زیدان نانی بینیتێز دەخوات!


« 4

KOREK telecom

## بارودۆخێکی خراپ

محەممەد عەلی، بەرپرسی ڕاگەیاندنی یانەی وەرزشیی دهۆک، لە لێدوانێکدا بە (رووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند کە یانەکەیان بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە، لە بارودۆخێکی خراپدا گوزەر دەکات و گوتی «ئێمە خولی عێراقمان لەدەستچوو بەهۆی ئەوەی کە نەمانتوانی پارە پەیدا بکەین بۆ ئەوەی بەشداری لە خولەکەدا بکەین، بۆیە بەفەرمی بە فیدارسیۆنی تۆپی پێی عێراقمان گوت توانای بەشداری کردنمان نییە، ئێستاش قەیرانی داراییەکەمان بەردەوامە و ئەگەری ئەوەش لە ئارادایە نەتوانین بەشداری لە خولی کوردستانیشدا بکەین».

### لە سەروبەندی دەستپێکردنی خولی نایابی کوردستان 2016 ـ 2017

# شێوازی ئەم وەرزە خزمەتی تۆپی پێ ناکات





## سەفین کانەبی: هیچ یاریزان و راهێنەرێک بۆی نییە لە میدیاکانەوە رەخنە لە ناوبژیوانان بگرێت

**ئەرسەلان عەبدوڵڵا**
**رووداوی وەرزشی ـ هەولێر**

لە کۆنفرانسی وەرزی نوێی خولی نایابی کوردستاندا، سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان ئاشکرایکرد، بۆ وەرزی نوێ تاوەکو ئێستا هیچ هاوکارییەکیان لە حکومەت وەرنەگرتووەو هیچ سپۆنسەرێکیشیان نییە، لە کۆنفرانسەکەشدا رۆژنامەوانان کرانە دەرەوە.

بەمەبەستی گۆڕینەوەی بیروڕا و دیاریکردنی شێوازی بەڕێوەچوونی ئەم وەرزەی خولی تۆپی پێی نایابی کوردستان، لە هەولێر یەکێتی تۆپی پێی کوردستان کۆنفرانسێکی بۆ نوێنەری یانە نایابەکان ڕێکخست.

### یەکێتی تۆپی پێ پارەی نییە

لە کۆنفرانسەکەدا، کە رۆژی شەممەی رابردوو 2016/8/27 لە هوتێل چوارچرا لە هەولێر بەڕێوەچوو، سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان ئاماژەی بەوەدا، بەهۆی قەیرانی دارایی و شەڕی دژ بە داعشەوە کەرتی وەرزش زەرەرمەندترین کەرتە لە کوردستان و لە هەموو بوارەکانی دیکەدا زیاتر فەرامۆشکراوە.

سەفین کانەبی گوتی «لە 2014ەوە هیچ هاوکارییەک لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە نەدراوەتە یانەکانی کوردستان و بەم شێوەیەش بەڕێوەبردنی وەرزش زۆر زەحمەتە، بۆیە ئێمە ساڵی رابردووش بڕیارماندا بەشداریکردنی یانەکان لە چالاکییەکانی یەکێتی تۆپی پێدا ئارەزوومەندانە بێت، چونکە دەزانین بارودۆخەکە چۆنە».

سەبارەت بە وەرزی نوێی چالاکییەکانی تۆپی پێی کوردستان، سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێ ئاشکرایکرد «تاوەکو ئێستا هیچ هاوکارییەکمان لە حکومەت وەرنەگرتووە و هیچ سپۆنسەرێکیشمان نییە، بەڵام بڕوا و متمانەمان بەخۆمان هەیە خولەکان و بەتایبەتی خولی نایاب بەشێوەیەکی باش بەڕێوەببەین». هەروەها گوتی «گرنگ نییە چۆن خەرجییەکان دابین دەکەین، گرنگ ئەوەیە خولەکان بەڕێوەبچن و نەوەستن».

### شێوازی ئەم وەرزە خزمەتی تۆپی پێ ناکات

لە کۆنفرانسەکەدا و لەسەر داوای 12 یانە لە کۆی 14 یانە، بڕیاردرا خولی ئەم وەرزەی نایاب، بە شێوازی دوو کۆمەڵە بە دوو قۆناخ بەڕێوەبچێت. سەفین کانەبی لەو بارەوە گوتی «هەرچەندە پێمانوایە خولی گشتی و بە دوو قۆناخ زیاتر خزمەتی زیاتر بە تۆپی پێی کوردستان و لاوەکان دەکات، بەڵام بارودۆخی یانەکانمان لەبەرچاوگرتووە و تواناکان سنووردارن».

### میدیاکان بۆ دەرەوە و رەخنەگرتنیش قەدەخەیە

بۆ یەکەمجار یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لە بۆنەیەکی خۆیدا رۆژنامەوانانی کردە دەرەوە و تەنیا رێگەیان پێدرا ماوەیەکی کورت لە هۆڵەکەدا رووماڵی کۆنفرانسەکە بکەن، بەتایبەتی تاوەکو ئەوکاتەی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێ قسەکانی تەواوکرد. دواتریش لە کاتی ئەنجامدانی تیروپشکەکەدا جارێکی دیکە رۆژنامەوانان گەڕانەوە ناو هۆڵەکە.

> «لە خولی ئەمساڵدا کۆمەڵەیەک یانە بەهێزەکان و ئەوەی دیکەش بێهێزەکان کۆدەکاتەوە».

سەفین کانەبی، لەم بارەوە بە (رووداوی وەرزشی) گوت «پێموایە مافی خۆمانە رێگە لە رۆژنامەوانان بگرین لە گفتوگۆی ئێمە و نوێنەری یانەکاندا ئامادەبن، چونکە رەنگە کێشە دروست ببێت».

کانەبی لە لایەکی دیکەوە لە کۆنفرانسەکەدا گوتی «هیچ یاریزان و راهێنەرێک بۆی نییە لە میدیاکانەوە رەخنە لە ناوبژیوانان بگرێت و هێرشیان بکاتە سەر، هەر کەسێکیش شتێکی لەسەر ناوبژیوانان هەبوو، یان هەڵەیەک هەبوو، دەتوانێت بە بەڵگەوە بیداتە یەکێتی تۆپی پێ و ئێمەش رێوشوێنی خۆمان دەگرینەبەر و ناهێڵین هیچ ناوبژیوانێک ببێتە هۆکاری شکست بۆ تیپەکان.

### کۆمەڵەیەکی بەهێز و کۆمەڵەیەکی لاواز

بڕیاردرا وەرزی نوێ لە 2016/11/3 دەستپێبکات، ئەمەش لەسەر داوای زۆربەی یانەکان، دوای ئەوەی پێشتر بڕیاردرابوو خولەکە لە 2016/10/20 دەستپێبکات.

دواتریش تیروپشکی وەرزی نوێ ئەنجامدرا و یارییەکانی هەفتەی یەکەم دیاریکرا، کە بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو کۆمەڵەی یەکەم زۆر بەهێز کەوتەوەو کۆمەڵەی دووەمیش لاواز بوو.

**کۆمەڵەی یەکەم:** زێرەڤانی، دهۆک، گازی باکوور، نەورۆز، پێشمەرگەی هەولێر، برایەتی، هەولێر.

**کۆمەڵەی دووەم:** گارە، زاخۆ، کەرکووک، سیروانی نوێ، ئارارات، هندرێن، شێروانە.

**خشتەی یارییەکانی هەفتەی یەکەمیش دیاریکرا، کە بەمشێوەیە دەبێت:**

**کۆمەڵەی یەکەم**

- پێشمەرگەی هەولێر ـ نەورۆز
- زێرەڤانی ـ برایەتی
- دهۆک ـ هەولێر
- گازی باکوور (چاوەڕوانە).

**کۆمەڵەی دووەم**

- سیروانی نوێ ـ هندرێن
- شێروانە ـ ئارارات
- کەرکووک ـ گارە
- زاخۆ (چاوەڕوانە).

### خەڵکی شاری مەهابادی رۆژهەڵاتی کوردستانە..

# هێرۆ ئاڵای کوردستان دەباتە بەرزترین شوێنی جیهان



**تایبەت بە رووداوی وەرزشی**

هیرۆ یوسف، کچە شاخەوانی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان بە (رووداوی وەرزشی) گوت «دەمەوێت سپۆنسەر پەیدا بکەم، بۆ ئەوەی ساڵی داهاتوو بچمە سەر بەرزترین لوتکە چیای جیهان و لەوێ ئاڵای کوردستان بەرز بکەمەوە».

ئەمساڵ لە وڵاتی ئێرانەوە چەندین کچ و کوڕە شاخەوان، چوونە وڵاتی تاجیکستان و بەسەر شاخی کۆمەنیزم کەوتن، کە یەکێک لەو وەرزشکارانە کچە وەرزشکاری کوردی شاری مەهابادی رۆژهەڵاتی کوردستان، هیرۆ یوسف بوو. لەو بارەوە هێرۆ لە لێدوانێکی تایبەتدا بە (رووداوی وەرزشی) گوت «ئەمساڵ بەرنامەی باشم هەبوو بۆ ئەوەی بەسەر شاخە بەرزەکانی جیهان بکەوم، بەسەر شاخی کۆمەنیزم کەوتم لە وڵاتی تاجاکستان، کە بەرزییەکەی 7495مەتر بوو، بەڵام بەداخەوە بەهۆی نەخۆش کەوتنم نەمتوانی هەمووی ببڕم، تەنیا توانیم 6900 مەتر بەسەر بکەوم».

ئەو کچە شاخەوانە کوردە، لە درێژەی قسەکانیدا بۆ (رووداوی وەرزشی)، ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە پێشووتریش بەسەر چیای لینین کەوتووە لە وڵاتی قیرغیزستان، کە بەرزییەکەی 7134 مەترە، جگە لەوەش بەسەر شاخی کورژین سکایە لە وڵاتی تاجیکستان کەوتووە، کە ئەویش 7105 مەتر بەرزە «من لە هەموو ئەو شاخانەی سەرکەوتووم بەناوی کوردستان و کورد چوومە، بەڵام نەمتوانیوە ئاڵای کوردستان بەرزبکەمەوە، لەبەرئەوەی من لە رۆژهەڵات دەژیم کێشەم بۆ دروست دەبێت، هەرچەندە ئەوانیش ناویان لە من ناوە خاتوونی کوردستان». هێرۆ هەروەها دەشڵێت «من پێویستیم بە هاوکارییە، ئەمساڵیش بە هاوکاری سپۆنسەر بەشداریم کرد لە سەرکەوتن بەسەر لوتکەشاخی کۆمەنیزم، کە کۆمپانیایەکی کوردستان بووە سپۆنسەرم، بەڕاستی خەڵکی باشووری کوردستان هاوکارییان کردووم، ئەگەر هاوکاری باش و سپۆنسەر هەبێت دەتوانم کاری باشتر بکەم، بەنیازم ساڵی داهاتوو بەسەر بەرزترین لوتکەشاخ لە جیهاندا بکەوم، ئەویش لوتکەشاخی ئەڤرێستە لە زنجیرە چیاکانی هیمالایا، بۆیە بۆم برەخسێت ئاڵای کوردستان لەوێ دەشەکێنمەوە».

لوتکەچیای ئەڤرێست، دەکەوێتە زنجیرە شاخەکانی هیمالایا، لەنێوان تبت و نیپال، بە بەرزترین شوێنی جیهان دادەنرێت، کە 8848 مەتر لە ئاستی رووی دەریاوە بەرزە.

# کچێکی کورد یانەیەکی ئیماراتی رەتدەکاتەوە



**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی ـ دوکان**

کچە پایسکیلسوارێکی کورد، تایبەت بە (رووداوی وەرزشی) ئاشکرایکرد کە بە فەرمی گرێبەستێکی لە یانەی ئەهلی ئیماراتی بۆ هاتووە بۆ ئەوەی یاری بۆ یانەکە بکات، بەڵام بەهۆی دووری لە خانەوادەکەی نەیتوانیوە گرێبەستەکە واژوو بکات.

یاریزانانی کوردستان لە هەموو لایەکەوە گرێبەست باران دەکرێن لەلایەن یانەکانی وڵاتانی عەرەبییەوە، ئەمجارەش جیاواز لە کوڕانی کوردستان یانەیەکی ئیماراتی گرێبەستێک پێشکەش بە لەنجە سەلام، کچە یاریزانی قەزای دوکان دەکات لە یاری پاسکیلسواری بۆ ئەوەی گرێبەستی لەگەڵ واژوو بکات بۆ یاریکردن لە پاڵەوانێتیەکانی دەرەوە، بەڵام ئەو ناتوانێت ئەو گرێبەتسە واژوو بکات. لەو بارەوە لەنجە سەلامی یاریزانی یانەی دوکان و هەڵبژاردەی عێراق لە یارییە سیانییەکان و پایسکیلسواری، تایبەت بە (رووداوی وەرزشی) گوت «لەلایەن یانەی ئەهلی ئیماراتییەوە بەفەرمی گرێبەستم پێشکەشکرا بۆ ئەوەی یاری بۆ بکەم لە یاری پاسکیلسواری و بە ناوی ئەو یانەیە بەشداری لە پاڵەوانیەتییەکاندا بکەم، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە دەبوایە من بەتەنیا وەک کچە یاریزانێک لەوێ بەتەنیا بمێنمەوە، نەمتوانی بە گرێبەستەکە رازی بم، چونکە ئەوە بۆ من زۆر زەحمەت بوو». لەنجە هەروەها گوتی «ئێستاش هەر لە ریزی یانەی دوکانم، خۆبەخشانە و بە خۆڕایی یاری بۆ یانەی شارەکەم دەکەم، حەزدەکەم ناوی شارەکەم لە ئاسمانی عێراق و کوردستان بەبەرزی بهێڵمەوە، بۆیە ناتوانم دەستبەرداری تیپەکەم بم».

لەبارەی دەنگۆی پەیوەندیکردنی بە یانەیەکی باشووری عێراقیش، لەنجە بە (رووداوی وەرزشی) گوت «بەڵێ گرێبەستێکم بۆ هاتووە لەلایەن یانەی عەفەج لە شارەکانی باشوور، من رەزامەندیم دەربڕیوە، بەڵام پێمگوتوون تەنیا لە خولی عێراقدا یارییان بۆ دەکەم». هەروەها لەنجە گوتیشی «بارودۆخی دارایی کاریگەری راستەوخۆی لەسەر هەموو یاریزانان کردووە، بۆیە ئەگەر یاریزانان گرێبەست لەگەڵ یانەکانیش بکەن مافێکی سروشتی خۆیانە».

KOREK Telecom









ئینتەرنێتی EXTRA G بە ئارەزووی خۆت لەگەڵ 3 کەس بەش بکە

ئینتەرنێتی EXTRA G بەسەر خزم و دۆستانت بەش بکە لە هەر شوێنێکی عێراق بن بەشێوازێکی ئاسان و خێرا

- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەستە بۆ سەرجەم بەشداربووانی ئێکسترا و ئێکسترا VIP و ئێکسترا پڵەس.
- بۆ کاراکردن: سەردانی ماڵپەری "بژاردەکانم" بکە لەرێگەی ئەم لینکە selfcare.korektel.com هەروەها هەژمارێک بۆ خۆت دروست بکە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئینتەرنێت.
- دەتوانی ئینتەرنێت بەش بکەی بەسەر 3 ژمارە یاخود بە ئامێرێک کە پاڵپشتی سیمکارت بکات (Korek Modem, Korek Hotspot, Tablet, Mobile ,....) تەنانەت ئەگەر لە هەمان شوێنیش نەبن.
- ماوەی بەردەستبوون: هەمان ماوەی بەردەستبوونی ئەو پاکێجەی هەیە کە بەشداریت لێی کردووە.
- دەتوانی ژمارەکان زیاد بکەی و بیان سڕیتەوە هەروەها دەتوانی قەبارەی هەر بەکارهێنەرێک دیاری بکەی.

| پاکێجەکان | ئێکسترا | ئێکسترا VIP | ئێکسترا پڵەس |
|---|---|---|---|
| قەبارە | 10 GB | 20 GB | 40 GB |
| کاراکردنی پاکێج (د.ع.) | 40,000 | 60,000 | 90,000 |
| ماوەی بەردەستبوون | 30 رۆژ | 30 رۆژ | 30 رۆژ |
| کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.) | 7,000 | 6,000 | 5,000 |
| زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.) | 5,000 | 4,000 | 3,000 |

korektel.com
411

KOREK

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (414)
سێشەممە 2016/8/30



## قەدەخەیە

سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی ئاشکرایکرد زینەدین زیدانی ڕاهێنەری یانەی شاهانە بەرگریکاری یانەکەی، رافایێل ڤارانی قەدەخە کردووە لەوەی پەیوەندی بە خۆزێ مۆرینیۆی ڕاهێنەری یانەی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزییەوە بکات، لە ترسی ئەوەی ڕازی بکات بچێتە یانەکەی. ئەو سەرچاوەیە لەو بارەوە دەڵێت «زیدان نەیهێشت ڤاران ریزەکانی ریال مەدرید جێبهێڵێت، بەڵام هێشتا ترسی لە مۆرینیۆ هەیە بە پارەیەکی زۆر بەرگریکارە فەرەنسییەکە ڕازی بکات، بۆیە ڤارانی لەوە قەدەخە کردووە بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی بە مۆرینیۆوە بکات».

### زیدان نەخۆشییەکەی دۆزیوەتەوەو نەشتەرگەری بۆ دەکات..

# بۆ ریال مەدرید نازناوی لالیگا ناباتەوە؟



**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی ئاشکرایکرد کە ئامانجی گەورەی ئەمساڵی ریال مەدریدی ئیسپانی بردنەوەی نازناوی لالیگایە، بەهۆی ئەوەی جەماوەری ئەو یانەیە بیری ئەو نازناوە دەکات، کە لەوەتەی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی لە ساڵی 2009 پەیوەندی بە ریزەکانی یانەی شاهانەوە کردووە، ئەو یانەیە تەنیا یەکجار ئەو نازناوەی بردووەتەوە.

### زیدان نەخۆشییەکەی دۆزیوەتەوە

بەپێی ئەو سەرچاوەیە زینەدین زیدانی ڕاهێنەری یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی نەخۆشی ریال مەدریدی دۆزیوەتەوەو دەیەوێ بە نەشتەرگەری ئەو نەخۆشییە لە جەستەی ریال مەدرید دەربکات و جارێکی دیکە نازناوی لالیگا پێشکەشی جەماوەرەکەی بکات «زیدان ڕاشکاوانە دەڵێت هەڵەی هێڵی بەرگری و زۆر گۆڵ کردن لە تیپەکەمان باجی گەورەمان پێ دەدەن». ئەو سەرچاوەیە هەروەها نووسیویەتی «زیدان پێیوایە ئەو هۆکاری کێشە گەورەکەی ریال مەدریدی لەم چەند ساڵەی دواییدا دەستنیشانکردووە، بۆیە کاری لەسەر دەکات بۆ ئەوەی چارەسەر بکات و دڵی جەماوەری ریال مەدرید خۆش بکات».

### بۆ بارسا دەیباتەوە

هەرچەندە ئەو قسەیە زۆر باوە کە تاکە کێشەی بارسێلۆنا لەم چەند ساڵەی دواییدا هێڵی بەرگرییە، بەڵام لە ڕاستیدا بەهێزی ئەو هێڵەی بارسا بە بەراورد لەگەڵ ریال مەدرید جیاوازی نێوان ئەو دوو یانەیەی دروستکردووە، چونکە ئامارەکان دەردەخەن کە لە دوایین 6 وەرزدا هەمیشە ریال مەدرید لە بارسێلۆنا زیاتر گۆڵی لێبووە.

بۆ نموونە لە وەرزی 2010 ـ 2011 ریال مەدرید 33 گۆڵی لێبووە بەرامبەر بە 21 گۆڵ لە بارسا. لە وەرزی 2012 ـ 2013 ریال مەدرید 42 گۆڵی لێبووەو بارسا تەنیا 40 گۆڵ. لە وەرزی 2013 ـ 2014شدا ریال مەدرید 38 گۆڵی لێبوو، بەرامبەر 33 گۆڵ کە لە گۆڵی بارسا تۆمارکران، هەروەها ئەتلەتیکۆ مەدریدیش کە ئەو وەرزە بووە پاڵەوان تەنیا 26 گۆڵی لێبوو. لە وەرزی 2014 ـ 2015 ریال مەدرید جارێکی دیکە 38 گۆڵی لێبوو بەرامبەر بە 21 گۆڵ کە لە گۆڵی بارسا بوون. وەرزی ڕابردووش کە بارسا نازناوەکەی بردەوە تەنیا 29 گۆڵی لێبوو، کەچی ریال مەدرید 34 گۆڵی لێبوو. تەنانەت لە وەرزی 2011 ـ 2012شدا کە ریال مەدرید نازناوەکەی بردەوە بارسا کەمتر گۆڵی لێبوو، کە بێگومان ئەوە بۆ بەهێزی هێڵی هێرشبردنی ریال مەدرید دەگەڕێتەوە کە لەو وەرزەدا 121 گۆڵی تۆمارکرد.

### 15 بە 18

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، لە وەرزی ڕابردوودا ریال مەدرید تەنیا لە 15 یارییدا توانی گۆڵی خۆی بە خاوێنی بپارێزێت، بەرامبەر بە 18 یاری بۆ بارسای ڕکابەری. هەرچەندە لەوانەیە لەسەر کاخەز جیاوازییەکە ئەوەندە زۆر نەبێت، کە بارسا تەنیا لە 3 یاری زیاتر گۆڵی خۆی بە خاوێنی پاراستووە، بەڵام لە ڕاستیدا جیاوازییەکە زۆر کاریگەرە، بەتایبەتی بۆ ئەو یارییانەی کە ئەو دوو یانەیە بە ئەنجامی 1 بە هیچ بردوویانەتەوە، چونکە هەر هەڵەیەک لەو یارییانەدا 2 خاڵ لەو یانەیە وەردەگرێت، ئەمە لە کاتێکدایە کە ساڵی ڕابردوو خولەکە بە جیاوازی تەنیا خاڵێک بۆ بارسا لەسەر حسابی ریال مەدرید یەکلایی بووەوە.

## «پیپێ و ڕامۆس ناچارن بەوە ڕازی بن ببنە یەدەگی ڤاران»

### نەشتەرگەرییەکەی زیدان

بە بۆچوونی چاودێران، زیدان دەتوانێت ئەم کێشەیە چارەسەر بکات، ئەویش لە ڕێگەی ڕێگەگرتن لە گەیشتنی تۆپی تیپی بەرامبەر بۆ ناو هێڵی سزای یانەکەی، ئەویش لە ڕێگەی ڕاسپاردنی یاریزانانی هێڵی ناوەڕاست بۆ زیاتر یارمەتیدانی هێڵی بەرگری. هەروەها لە ڕێگەی فشار خستنە سەر تیپی یاریزانانی تیپی بەرامبەر و ناچارکردنیان بۆ ئەوەی بە تۆپی درێژ و بەرز یاری بکەن، کە ئەوکات ریال مەدرید دەتوانێت بەربەست بۆ هێرشبەرانی دروست بکات. هەروەها زیدان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە یاریزانەکانی ناچار دەکات لەنێو یاریگەدا زیاتر خۆیان ماندوو بکەن و بە زووترین کات تۆپ لە تیپی بەرامبەر وەربگرنەوە.

### ڕامۆس و پیپێ یەدەگن


یەکێک لەو یاریزانانەی کە زیدان دەیەوێ ئەمساڵ سوود لە تواناکانی وەربگرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هێڵی بەرگری، ڕافایێل ڤارانی بەرگریکاری فەرەنسی تەمەن 23 ساڵە، کەبەپێی خودی ڤاران، زیدان بەڵێنی پێداوە ئەم وەرزە بەشێوەی سەرەکی یاری پێبکات. تەنانەت سەرچاوەیەکی نزیک لە ڤاران ئاشکرایکردووە «ڤاران بە مەرجی ئەوەی بەشێوەی سەرەکی یاری بکات، لە ریال مەدرید ماوەتەوەو زیدانیش بەو مەرجە ڕازی بووەو بەڵێنی بە ڤاران داوە کە یاریزانی سەرەکی ئەمساڵ بێت لە ریال مەدرید». ئەوکاتیش سێرجیۆ ڕامۆس و پیپێ پێویستە بەوە ڕازی بن کە ببنە یەدەگی ڤاران، واتە زیدان ناچارە هەر جارێ یەکێک لەو دووانە لەگەڵ ڤاران لە پێکهاتەی سەرەکی دابنێت و یەکێکیشیان بخاتە سەر کورسی یەدەگ.

## «ڤاران بە مەرج لە ریال مەدرید ماوەتەوەو زیدانیش بە مەرجەکەی ڕازی بووە»

### کتێبی زانستی هۆکاری درەوشانەوەی دۆنن..

# بۆ ڕۆناڵدۆ زوو لە پێکانەکانی چاکدەبێتەوە؟






**ڕووداوی وەرزشی ـ THE SUN**

پزیشکی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی هێرشبەری پورتوگالی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، نهێنی ئەو جەستە نایابەی ئاشکرا کرد، کە دۆن بەردەوام پێی دەردەکەوێ، لەگەڵ خێرایی چاکبوونەوەی لەو پێکانانەی تووشی دەبێت.

خۆسێ کارلۆس، پزیشکی چارەسەری ڕۆناڵدۆ دووپاتی دەکاتەوە، دۆن ماوەی 11 ساڵی کاروانی وەرزشیی لەنێو یاریگەکانی تۆپی پێدا پارێزگاری لە توانای جەستەیی خۆی کردووە، ئەویش بەهۆی خوێندنەوەی کتێبە زانستییەکانە.

ئەو پزیشکەی ڕۆناڵدۆ، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی THE SUNی ئینگلیزی، باسی ئەوەش دەکات «ڕۆناڵدۆ توانایەکی جەستەیی زۆر دەگمەنی هەیە، وەک ئەو ئۆتۆمبێلەیە کە دەتوانی ملیۆنەها کیلۆمەتر سەفەری پێبکەی، بێئەوەی هیچ هەڵەیەکی بەسەر بێت». کارلۆسی پزیشک دەشڵێت «ڕۆناڵدۆ ئەو وەرزشوانەیە کە هەر شتێکی لێ داوا بکەی، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە توانای جەستەیی خۆی و هانی خودی خۆی بدات بەباشترین شێوە دەیکات، لە میانی خواردنی خۆراکی تەندروست و نووستن بۆ ماوەی گونجاو».

خۆسێ کارلۆس، ئاماژە بەوەش دەکات کە ڕۆناڵدۆ وەک زانایەک وایە، بەردەوام بایەخ بە خوێندنەوەی وتاری زانستی تازە دەدات، بۆ ئەوەی ئاگای لە دوایین پێشکەوتنەکان بێت، سەبارەت بە پێکانەکان کە تووشی دەبێت، لەگەڵ خوێندنەوەی بابەت لەسەر خۆرکی بەسوود و چەندین بابەتی دیکە، کە یارمەتی بدات لەنێو یاریگە بە باشترین شێوە دەرکەوێ.

**لە ژمارەی داهاتووی (ڕووداوی وەرزشی)دا، دەست دەکەین بە بڵاوکردنەوەی چەند وتارێک بە چەند ئەڵقەیەک، کە تیایاندا بە چەند بەڵگەیەکی زانستی دەسەلمێنین کە «ڕۆناڵدۆ مرۆڤێکی ئاسایی نییە».**

## «ڕۆناڵدۆ وەک ئەو ئۆتۆمبێلەیە کە ملیۆنەها کیلۆمەتر دەبڕێت»

### ناوی خۆی بە پیتی زێڕین لە مێژوودا دەنووسێت..

# ڕۆناڵدۆ ئیمپراتۆری ئەوروپایە




**ئا: ئیحسان تامیر**

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، خەڵاتی باشترین یاریزانی ئەوروپا 2016ی بردەوەو ناوی خۆی بە پیتی زێڕین لە مێژووی تۆپی پێی پورتوگال، ئەوروپا و هەموو جیهاندا نووسی.

«تەنیا مۆندیالی نەبردووەتەوە، بەڵام پێویستی بەو نازناوە نییە بۆ ئەوەی بە باشترین یاریزان لە مێژووی تۆپی پێی پورتوگال و یەکێک لە ئەفسانەکانی تۆپی پێی جیهان دابنرێت». ئەمە بۆچوونی زۆر لە چاودێر و پسپۆرانی تۆپی پێی جیهانە، کە دەربارەی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی گوتیان، دوای ئەوەی خەڵاتی باشترین یاریزانی ئەوروپای 2016ی بردەوە.

وەک ڕۆژنامەی مارکا لە مانشێتی سەرەکی خۆی نووسیبوو «پاشا»، ڕۆناڵدۆ شایەنی ئەو نازناوەیە، هەندێ ڕۆژنامەی دیکەش بە «ئیمپراتۆر» ناویان برد. بێگومان ئەگەر سەیری ئامار و ژمارەکانی بکەین، ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت کە ڕۆناڵدۆ شایەنی ئەوەیە یەک لەم دوو نازناوانەی پێبدرێت.

ئەو بە تۆمارکردنی 131 گۆڵ، باشترین گۆڵکاری هەموو پاڵەوانییەتییەکانی ئەوروپایە، چ لەگەڵ یانە یان هەڵبژاردە، بە جیاوازی 25 گۆڵ لەگەڵ دووەم، کە ڕائوول گۆنزالێسی هێرشبەری پێشووی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی ریال مەدریدە.

دۆن کریستیانۆ، بە تۆمارکردنی 61 گۆڵ لە 132 یارییدا، گۆڵکاری مێژوویی هەڵبژاردەی پورتوگالە، 11 لەو گۆڵانەی لە پاڵەوانییەتییە گەورەکاندا (مۆندیال 3 و یۆرۆ 9) تۆمارکردووە، بەهاوبەشی لەگەڵ میشێل پلاتینی ئەفسانەی فەرەنسی گۆڵکاری مێژوویی یۆرۆیە. لە ساڵی 2016 لە کۆی 33 یاری بۆ ریال مەدرید و هەڵبژاردەی پورتوگال 32 گۆڵی تۆمارکردووە.

ڕۆناڵدۆ، بە تۆمارکردنی 93 گۆڵ گۆڵکاری مێژوویی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپایە. ئەو لە 7 وەرزدا لەگەڵ مێرینگێ 37 هاتریکی تۆمارکردووەو 8 نازناوی بردووەتەوە، کە دووانیان نازناوی چامپیۆنسلیگن.

موشەکی مادێرا، بەدرێژایی کاروانی وەرزشیی خۆی لەگەڵ یانەکان 673 یاری کردووە، 488 گۆڵی تۆمارکردووەو 17 نازناوی بردووەتەوە (مانچێستەر یونایتد 9 نازناو و ریال مەدرید 8 نازناو).

دۆن ڕۆناڵدۆ، 3 باڵۆن دۆری بردووەتەو پێشبینی دەکرێت باڵۆن دۆری 2016ش بباتەوە، ئەوکات دەبێتە دووەم یاریزان لەدوای لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتین و یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی، زۆرترین ژمارەی ئەو خەڵاتە بباتەوە، کە ئەستێرە ئەرجەنتینییەکە تاوەکو ئێستا 5 باڵۆن دۆری بردووەتەوە.

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، تاکە یاریزانە لە مێژووی تۆپی پێدا، نازناوی خول، جام، جامی سوپەر، چامپیۆنسلیگ، مۆندیالی یانەکان، نازناوی باشترینی یاریزانی خول، گۆڵکاری خول، باشترین یاریزانی جیهان لەگەڵ دوو تیپی جیاواز بەدەستبێنێت. زێدەباری بردنەوەی نازناوی یۆرۆ لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی.

کریس، هەروەها تاکە یاریزانی ئەوروپایە، یەکێک بێت لە هەرسێ کاندیدی سەرەکی بردنەوەی خەڵاتی باشترین یاریزانی ئەوروپا، کە بەشێوازە نوێیەکەی 6 ساڵە دەبەخشرێت، ڕۆناڵدۆ 2 جار بەدەستیهێناوە، جارێکیش دووەم و 3 جاریش سێیەم بووە.

هەرچەندە ڕۆناڵدۆ لەدوای بردنەوەی خەڵاتی باشترین یاریزانی ئەوروپا، گوتی «تاوەکو تەمەنی 41 ساڵ بەردەوام دەبم لە یاریکردن»، بەڵام وەک ماڵپەڕێکی مەدریدی نووسیویەتی «ئەگەر ڕۆناڵدۆ لەمڕۆوە واز لە یاریکردن بێنێت، ئەوەندەی کردوویەتی بەسە بۆ ئەوەی هەتا هەتا بە ئەفسانە بمێنێتەوە».

## «کریس لەگەڵ یانەکان 673 یاری کردووەو 488 گۆڵی تۆمارکردووە»



## ڕاستە

ڕۆژنامەی ASی ئیسپانی ئەو دەنگۆیانەی پشتڕاستکردەوە کە باسیان لە ڕەتکردنەوەی گرێبەستێکی گەورەی یانەی یوڤانتۆسی ئیتاڵی لەلایەن ئیسکۆی یاریزانی یانەی ریال مەدرید دەکردو لەو بارەوە ئەو ڕۆژنامەیە دەڵێت «ڕاستە، یوڤانتۆس گرێبەستێکی گەورەی پێشکەشی ئیسکۆ کردو مووچەیەکی زۆرتر لەوەی ریال مەدریدی پێدەدا، بەڵام یاریزانە ئیسپانییەکە گرێبەستەکەی ڕەتکردەوەو پێیباشبوو هەر لە ریال مەدرید بمێنێتەوە. چونکە ئیسکۆ کورسی یەدەگی ریال مەدریدی پێباشترە لەوەی وەک یاریزانی سەرەکی لەگەڵ یوڤانتۆس یاری بکات».

### بڕوا بکەی یان نا..

# زیدان نانی بینیتێز دەخوات!

## "بینیتێز نەیهێشت بەیڵ بڕوات و کاسیمێرۆی گەڕاندەوەو متمانەی بە فاسکێز دا"



"بینیتێز کاسیاسی لە کۆڵی ریال مەدرید کردەوەو داوای مانەوەی ناڤاسی کرد"

**ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

شەیدایانی ریال مەدرید ڕافائیل بینیتێزیان خۆش ناوێ، بەهۆکاری سەرەکی لەدەستدانی دەرفەتی بردنەوەی لیگای دادەنێن لە وەرزی ڕابردوودا، بەهۆی خراپی ئەنجامەکانی تیپەکە لە نیوەی یەکەمی وەرز و دۆڕان بەرامبەر بارسێلۆنا بە 4 گۆڵی خاوێن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هۆکاری سەرەکی بوو بۆ ئەوەی زینەدین زیدان بتوانێت نازناوی چامپیۆنسلیگ لەگەڵ ریال مەدرید بباتەوە.

بینیتێز لەوانەیە هۆکاری سەرەکی چەندین کێشە بێت، بەڵام ڕۆڵیشی گرنگ بوو لەو پلانەی فلۆرەنتینیۆ پیرێزی سەرۆکی ریال مەدرید بە لێهاتوویی داینابوو، بێئەوەی باسی بکرێت لە کێشە و نەیاری دژی یاریزانەکان، بۆ ئەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەدژی ئەو نەیتەقێننەوە، بۆ ئەوەی بینیتێزیش بەتەنیا بەرپەرچی ئەو هەڵمەتە بداتەوە.

بینیتێز توانی بە لێهاتوویی ئیکەر کاسیاس لە کۆڵی ریال مەدرید بکاتەوە، کاتێک داوای مانەوەی کایلۆر ناڤاسی کردو گرێبەستیشی لەگەڵ کیکۆ کاسیا کرد، ئەوە بووە پەیام بۆ کاسیاس بەوەی ڕۆڵی لەگەڵ ریال مەدرید نابێت، هاوشێوەی وەرزەکانی پێشوو، ئەمەش وای لە کاسیاس کرد داوای ڕۆیشتن بکات، بێئەوەی دیمەنی گشتی یانەکە بشێوێ.

بینیتێز بەدەست نازی ژمارەیەک ئەستێرەی گەورە دەیناڵاند، هاوشێوەی ئیسکۆ و خامیس ڕۆدریگز، لەگەڵ ناجێگیری گاریس بەیڵ و پێشکەش نەکردنی ئاستی بەرز لەگەڵ ریال مەدرید، وەک پلانی بۆ دانرابوو، بەڵام ڕافا بە کەسایەتییە بەهێزەکەی هەموو ئەو شتانەی سڕییەوە، ئیسکۆی لەسەر کورسی یەدەگەکان دانیشاند، بەتوندی سزای خامیسی دا و پەناشی بۆ فاسکێز برد، کاتێک موکڕ بوو لەسەر ئەوەی گرێبەستی لەگەڵ بکات لە یانەی ئیسپانیۆلەوە، کردییە یاریزانی سەرەکیش، هەروەها بەشێوەیەکی زۆر نایاب مامەڵەی لەگەڵ بەیڵ کردو ئەو هەستەی پێدا، دەبێتە گرنگترین یاریزان لە تیپەکەدا، ئێستاش ریال مەدرید بەرووبوومی مامەڵەکردنی بینیتێز لەگەڵ بەیڵ دەڕنێت، لەوانەشە ئەوە هۆکاری تووڕەبوونی ڕۆناڵدۆ بێت لە ڕافا، کە لەگەڵ ئەو هەستی بەهەمان گەرموگوڕی نەدەکرد، کە لەگەڵ کارلۆ ئەنچیلۆتی هەیبوو.

بینیتێز بوو کاسیمیرۆی لە پۆرتۆی پورتوگالی گەڕاندەوەو موکڕبوو لەسەر ئەوەی ریال 7 ملیۆن یۆرۆی پێبدات، هەر ئەویش وەک یاریزانی سەرەکی یاری پێکرد، لەوانەیە بەهەمان شێوازی زیدان نەبێت، بەڵام ئەو کردییە یاریزانی سەرەکی. کاسیمیرۆ لە زستانی 2013 لە یانەی ساوپاڵۆی بەرازیلییەوە هاتە ریال مەدرید، بەو بۆنەیەوە هەر کەسێ ئاگای لە ئاستی ئەو بێت لە بەرازیل، دەزانێ زۆر شتی هەیە پێشکەشی بکات، بەتایبەتی لە بواری جۆراوجۆری هێرشەکان و پاس وەرگرتن و پاسدان و پاسدان بەپانی یاریگە، کە لە ڕاستەوە بۆ چەپی یاریگە دەبرێت بەپێچەوانەشەوە، ڕۆڵی ئەو تەنیا ئەوە نییە وەک کانتی و ماکالیلی بێت، وەک هەندێ کەس دەیانەوێ وێنای دەکەن. کاسیمیرۆ لە وەرزی 2013 ـ 2014 تەنیا بەشداری لە 25 یارییدا کرد، ئەوکات زۆر کەس لە ئاستی ڕازی نەبوون، بۆیە ریال مەدرید بەشێوەی خواستن دایە پۆرتۆ و لەوێ بەشداری لە 41 یارییدا کرد، لەوێ ئاستی گەشەی کردو درەوشایەوە، 4 گۆڵی تۆمارکردو 3 گۆڵی دیکەشی دروستکرد، بۆیە بینیتێز گەڕاندییەوەو زیدانیش بە باشترین شێوە بەکاری هێنا، کاسیمیرۆ لەگەڵ ریال مەدرید چوار نازناوی بەدەستهێناوە، لەوانە 2 نازناوی چامپیۆنسلیگ، هێشتا ئەو ئەستێرە بەرازیلییە تەمەن 24 ساڵانە، دەتوانێت پەرە بە ئاستی خۆی بدات بەمەرجێک پابەند بێت.



# لە پشت پەردەوە

**لەم گۆشەیەدا، بە چەند ئەڵقەیەک هەندێک نهێنی پشت پەردەی ئەستێرەکانی تۆپی پێ دەخەینەڕوو، کە ئەو ئەستێرانە یان نووسەرانی دیکە لە یاداشتەکانیاندا ئاشکرایانکردووە.**

### لیۆنێل مێسی

**تەواوی بەسەرهاتەکانی ژیانی لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی، لە چەند ئەڵقەیەکدا دەخەینە بەرچاوی خوێنەرانی (ڕووداوی وەرزشی):**


بەشداریکردنی لیۆ لەگەڵ تیپی یەکەمی بارسا لە یارییەکی نافەرمی لە 2003/11/16 بەرامبەر یانەی پۆرتۆی پورتوگالی، بەبۆنەی کردنەوەی یاریگە تازەکەی، ئەوکات تەمەنی تەنیا 16 ساڵ و 145 ڕۆژ بوو، لە خولەکی 75 چووە نێو یاریگە و درێسی ژمارە 14ی لەبەرکردبوو.. ئەو ژمارەیە تایبەت بوو بە ئەفسانە یۆهان کرۆیف.

کەشوهەوای گۆڕانکارییەکە دڵخۆشکەر نەبوو، فرناندۆ نابارۆ چووە دەرەوە و نیشانەی پەستی و نیگەرانی بەڕوویەوە دیاربوو.. ئەوکات لە پێکان گەڕابووەوە و دەیویست یارییە دۆستانەییەکە تەواو بکات، بۆ ئەوەی بچێتەوە نێو کەشوهەوای یارییەکان، نابارۆ لەم بارەوە دەڵێت «کاتێک ئەو گرتانە دەبینمەوە پێدەکەنم، من دەمویست یاری بکەم دوای دوورکەوتنەوەم بۆ ماوەیەک بەهۆی پێکان، ئەوە شتێکی ئاساییە، بەڵام هەر هیچ نەبێت دەتوانم بڵێم، من باشترین یاریزانی ئێستای جیهان و لەوانەیە مێژووشم، لایەنێک لە دەرفەتی دەرخستنی خۆی پێشکەش کرد».

لە میانی ئەو چەند خولەکە کەمەی مێسی لە شوێنی هێرشبەری خەیاڵی بە داواکاری ریکارد پێشکەشی کرد، کە لیۆ زۆر لەوەش نزیکبوو لە دوو دەرفەتدا گۆڵ تۆمار بکات، یەکەمیان لە کاتی بێئاگایی بەرگریکاران بوو، بەڵام گۆڵپارێزەکە توانی تۆپەکە بگرێتەوە، هەرچی دووەمیان بوو مەترسیدارتر بوو، مێسی تۆپەکەی لە گۆڵپارێز دزی و بەرەو گۆڵی بەتاڵ ڕایکرد، بەڵام لەجیاتی شووت لێدان بۆ گۆڵ پاسێکی نا دیقەتی بۆ ئۆریۆل نارد، تاوەکو ئەو ساتەش مێسی دەڵێت «نازانم بۆ بەو شێوەیە تۆپەکەم نارد».

بارسێلۆنا بە دوو گۆڵی خاوێن یارییەکەی دۆڕاند، لە کاتی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیدا فرانک ریکاردی ڕاهێنەر هەقی تەواوی بەو لاوە 16 ساڵییە بەخشی و لەبارەی ئەوەوە گوتی «دوو دەرفەتی ڕەخساند و زۆر نزیکبوو گۆڵ تۆمار بکات، بەهرەیەکی گەورەی هەیە و ئایندەیەکی گەش و مژدەبەخشی لەپێشە». لە هەمانکاتدا تین کاتی یاریدەدەری ریکارد لەو ماوەیە دەڵێت «خۆزێ مۆرینیۆی ڕاهێنەری ئەوکاتی پۆرتۆ، هیچ شتێکی لەبارەی مێسی نەگوت». هەروەها تین کات ئەوەشی گوت» بەڵام بە تەواوی نەیدەزانی لیۆ کێیە».

دوای یارییەکە لە 2003/11/18 ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی وەرزشیی ئیسپانی، یەکەم بەرگی خۆی بۆ لیۆنێل مێسی تەرخانکردو لە ڕووی لاپەڕەی سەرەکی بە «ئەستێرەی داهاتوو» وەسفیکرد، وێنەیەکی لیۆی هەڵبژارد کە بە قاچەکانی یاری بە پرتەقاڵێک دەکات. ئەوکات هەندێ دەنگ بەرزبوونەوە لەنێو ڕۆژنامەکە و هەندێ جەماوەریش ناڕازیی بوون، پێیانوابوو شتەکە زیادەڕەوی تێدایە، بەڵام دوای ئەو هەموو ساڵە سەلمێندرا شتەکە وا نییە، مێسی لە یاریکردن بە یاریزانان و پاسەکانی هەمووانی سەرسامکرد. ئەو پرتەقاڵە کە لەگەڵ مێسی بەشداربوو لە بەرگی ڕۆژنامەکە لەو ڕۆژەدا هێشتا ماوە، ڕۆژنامەنووس ڕۆبرتۆ مارتینێز لەنێو سندوقێکی شووشەیی قایم پاراستویەتی، هەموو شتێکیش دەکات بۆ ئەوەی تێکنەچێت، چونکە ئەو شایەدی نزیک کەوتنەوەی خەونی لیۆنێل مێسی لە جیهانی ڕاستی بوو.



## سەرپێچی لە لۆژیکی تۆپی پێ دەکات..

# سیفەتێک زڵاتان لە هەموو هێرشبەرانی دیکە جیادەکاتەوە




**ڕووداوی وەرزشی ـ MU4**

بە گەڕانەوە بۆ ئەرشیفی گۆڵەکانی، ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت کە سیفەتێک زڵاتان ئیبراهیمۆڤیچی هێرشبەری سوێدی یانەی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی لە هەموو هێرشبەرانی دیکەی جیهان جیادەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە کە تاوەکو تەمەنی زیادتر دەبێت ڕێژەی گۆڵەکانی زیاتر دەبێت.

زڵاتان ئیبراهیمۆڤیچ، ئەستێرەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی، سەلماندویەتی هێرشبەرێکی ناوازەو نا ئاساییە، لە میانی کاروانە پیشەگەرییەکەی، کە ئێستا لە ریزەکانی یونایتد داهێنان دەکات، هەرچەندە تەمەنیشی هەڵکشاوە.

درەوشانەوەی زڵاتان وای لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن کردووە، لە ئەرشیفەکەی بگەڕێن، بۆ ئەوەی بزانن چۆن لە تەمەنی 34 ساڵیدا ئەوەندە گۆڵە تۆمار دەکات، بەمەش شتێکی سەیریان بۆ دەردەکەوێ، ئیبرا ڕێژەی گۆڵەکانی زیاد دەبێت هەرچەندە تەمەنی هەڵکشێت، بەپێچەوانەی هەموو هێرشبەرەکانی دیکەی جیهان!. ئامارەکانی تایبەت بە زڵاتان دەریدەخەن، ژمارەی گۆڵەکانی ئەوکاتەی گەنج بوو کەم بوو، بە ڕاددەیەک لە تەمەنی 24 ساڵیدا ڕێژەی گۆڵەکانی 0.3 گۆڵ بوو لە یەک یارییدا. بەڵام لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی زڵاتان هەموو شتەکان گۆڕان، ئێستا لە تەمەنی 34 ساڵیدا ڕێژەی گۆڵەکانی 1.4 گۆڵە لە یەک یارییدا، ئەوەش وایکردووە ببێتە دیاردەی ئەو یارییە و یاریزانێک لە دەرەوەی باو و لۆژیکدا.

## جوانترین لێدوانەکانی هەفتە




ئەگەر لەمەودوا نازناوی چامپیۆنسلیگیش ببەمەوە، هەرگیز خەفەتەکانی ئەو دوو فینالەی چامپیۆنسلیگم لەبیر ناچێتەوە کە بەرامبەر ریال مەدرید دۆڕام

دیێگۆ سیمیۆنی
(ڕاهێنەری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید)



پێویستیم بە هەندێ دوژمنی نوێ هەیە، چونکە ئەوانەی تاوەکو دوێنێ دوژمنی من بوون ئێستا بوونەتە هاندەری من

زڵاتان ئیبراهیمۆڤیچ
(هێرشبەری یانەی مانچێستەر یونایتد)




مێسی سەرەتای لیگای ئەمساڵ وەک وەحش دەستپێکرد، ئەگەر بارسا 5 یاری بباتەوە 3 لەو بردنانەوە بەهۆی مێسی دەبن

خۆرخێ ڤاڵدانۆ
(بەڕێوەبەری پێشووی ریال مەدرید)



ریال مەدریدی ئەم وەرزە لە وەرزی ڕابردوو بەهێزترە، لەبەرئەوەی هەموو یاریزانەکانی بە یەک دڵ و بە عەقڵی زینەدین زیدان یاری دەکەن

تۆماس ڕۆنسێرۆ
(ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی مەدریدی)



من وەڵامی جیرارد پیکێ نادەمەوە، ئەگەر کاتی بەتاڵی هەیە با بچێتە سەر تویتەر و سەیری وێنەکانم بکات

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ
(ئەستێرەی یانەی ریال مەدرید)



ئامادەم لەپێناو ریال مەدرید بمرم، ئەوکاتەی ریال مەدرید نازناوی یانزدەهەمی چامپیۆنسلیگی بردەوە دڵخۆشتربووم لەوکاتەی خۆم میدالیای ئۆلیمپیادم بردەوە

ئۆرلاندۆ ئۆرتیگا
(ڕاکەری بەناوبانگی ئیسپانی)



## درۆیە

رۆژنامەی ASی ئیسپانی لەسەر زاری بەڕێوەبەری کارەکانی تۆنی کرۆسی یاریزانی ئەڵمانی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، ئەو دەنگۆیانەی رەتکردەوە کە باس لە هەڕەشەکردنی کرۆس لە ئیدارەی یانەکەی دەکەن، گوایە کرۆس هەڕەشەی رۆیشتنی لە ریال مەدرید کردووە ئەگەر مووچەکەی لە 7.5 ملیۆن یۆرۆ بەرز نەکاتەوە بۆ 9 ملیۆن یۆرۆی ساڵانە. رۆژنامەکە نووسیویەتی «درۆیە، بەڕێوەبەری کارەکانی کرۆس پێیڕاگەیاندین تۆنی بەهیچ شێوەیەک هەڕەشەی رۆیشتنی نەکردووە، تەنیا داوایکردووە مووچەکەی زیاد بکەن».

# 10 ژمارەی لەبیرنەکراو لە چامپیۆنسیگدا

**رووجاوی وەرزشی ـ SPORT**

چەندین ژمارە و ئاماری تایبەت بە رووبەڕووبوونەوەی پێشوولە نێوان یانە رکابەرەکان، لە قۆناخی کۆمەڵەکان لە چامپیۆنسلیگ دەرکەوت، دوای راکێشانی تیروپشکی ئەو قۆناخە رۆژی پێنجشەمەی رابردوو لە شانشینی مۆناکۆی فەرەنسیدا، کە چەندین رووبەڕووبوونەوەی ئەستەمی لێکەوتەوە.

1 ـ یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی بۆ 20 وەرز لەدوای یەک لە چامپیۆنسلیگ یاری دەکات، ئەوەش باشترین زنجیرەی ئێستای پاڵەوانییەتییەکەیە.

2 ـ یانەی ئارسیناڵی ئینگلیزی، هەر 4 یارییە ئەوروپییەکەی خۆی لە یانە سویسرییەکان بردووەتەوە، ئەمجارەش تۆپهاوێژەکان رووبەڕووی یانەی بازل دەبنەوە لە کۆمەڵەی یەکەمدا.

3 ـ یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی بۆجاری 19 لە دوایین 20 وەرز، بەشداری لە چامپیۆنسلیگدا دەکات، تەنیا لە وەرزی 2007 ـ 2008دا بەشداری نەکردووە.

4 ـ یانەکانی یوڤانتۆس و سڤیلیا تاوەکو ئێستا تەنیا 2 جار لە جامەکانی ئەوروپا بەرامبەر یەکدی یارییان کردووە، لە وەرزی رابردووی چامپیۆنسلیگدا هەر تیپەو جارێک لەوی دیکەی بردەوە.

5 ـ یانەی ئارسیناڵی ئینگلیزی تاوەکو ئێستا هیچ یارییەکی لەدەرەوەی یاریگەی خۆی بەرامبەر تیپەکانی فەرەنسا نەدۆڕاندووە (8 بردنەوە و 4 یەکسانبوون)، تۆپهاوێژەکان لە کۆمەڵەی یەکەم رووبەڕووی پاریس سانجێرمان دەبنەوە.

6 ـ کۆمەڵەی حەوتەم تاکە کۆمەڵەیە، کە لەدوایین 13 وەرزی چامپیۆنسلیگدا هیچ پاڵەوانێکی نەبووە، ئەویش لە یانەکانی (لیستەر ستی ئینگلیزی، پۆرتۆی پورتوگالی، کلۆپ برۆجی بەلجیکی و کۆبانهاگنی دانیمارکی) پێکهاتووە.

7 ـ ئەو وەزرەی چامپیۆنسلیگ، لەوەتەی وەرزی 1995 ـ 1996 تاکە دانەیە، کە هەرسێ یانەکەی ئینگلتەرا (چێڵسی، لیڤەرپوول و مانچستەر یونایتد) بەشداری تێدا ناکەن.

8 ـ یانەی بازلی سویسری یەکجار لە دوایین 8 یاری ئەوروپی بەرامبەر یانەکانی فەرەنسا دۆڕاوە (4 بردنەوە و 3 یەکسانبوون)، ئەمجارەش رووبەڕووی پاریس سانجێرمان دەبێتەوە لە کۆمەڵەی یەکەمدا.

9 ـ یانەی تۆتێنهامی ئینگلیزی لە دوایین 7 یاری ئەوروپی بەرامبەر یانەکانی فەرەنسا نەدۆڕاوە (4 بردنەوە و 3 یەکسانبوون)، ئەمجارەش رووبەڕووی مۆناکۆ دەبێتەوە لە کۆمەڵەی پێنجەمدا.

10 ـ یانەی لیۆنی فەرەنسی لە دوایین 5 یاری لە چامپیۆنسلیگ 4 یاری بەرامبەر یانەکانی ئیسپانیا دۆڕاندووەو تەنیا یەک یاری بردووەتەوە، ئەمجارەش رووبەڕووی سڤیلیا دەبێتەوە لە کۆمەڵەی هەشتەمدا.



### 9 زانیاری لە بارەی مارکۆ ئەسینسیۆ..

# مارکۆ ڤان باستنی ئیسپانی

**رووداوی وەرزشی ـ AS**

رۆژنامەی ASی ئیسپانی، راپۆرتێکی بڵاوکردووەتەوەو تێیدا باسی 9 شت دەکات، کە لەوانەیە خەڵکی لەبارەی بەهرەمەند مارکۆ ئەسینسیۆی یاریزانی لاوی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی نەیزانن.

مارکۆی تەمەن 19 ساڵان، لە جامی سوپەری ئەوروپادا گۆڵێکی جوانی لە گۆڵی سڤیلیا تۆمارکردو بووە مایەی قسەوباسی رۆژنامەکان لە جیهاندا. زانیارییەکانیش ئەمانەن:

**1 ـ مارکۆ:**

لەبەر ئەفسانەی تۆپی پێی هۆڵەندی، مارکۆ ڤان باستن بەو ناوە کراوە، کە لەگەڵ یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی و هەڵبژاردەی هۆڵەندا یاری کرد و درەوشایەوە.

**2 ـ جەماوەری هۆڵەندا:**

جەماوەری هۆڵەندا ساڵی رابردوو داوایان دەکرد، مارکۆ بۆ هەڵبژاردەی ئاشەکان یاری بکات، دوای ئەوەی هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان نەیتوانی بۆ کۆتاییەکانی یۆرۆی 2016 سەرکەوێ، کە لە فەرەنسا بەڕێوەچوو و هەڵبژاردەی پورتوگال نازناوەکەی بەدەستهێنا.

**3 ـ هەڵبژاردەی ئیسپانیا:**

ئەو یاریزانە لاوە پێش دەسپێکردنی پاڵەوانیەتی یۆرۆ 2016 بۆ هەڵبژاردەی ئیسپانیا یاریکرد، ئەوەش دوای درەوشانەوەی لەگەڵ یانەی ئیسپانیۆل، کە بەشێوەی خواستن یاری بۆ دەکرد، لە یاری لارۆخا بەرامبەر بۆسنەدا 60 خولەک یاریکرد.

**4 ـ یەکەم دەرکەوتنی لەگەڵ ئیسپانیا:**

مارکۆ لەگەڵ هەموو هەڵبژاردە تەمەنییەکانی ئیسپانیا یاری کردووە، هەر لە تەمەنی 16 ساڵییەوە، لەگەڵ ماتادۆر توانی نازناوی یۆرۆ 2015 بۆ خوار تەمەنی 19 ساڵی بەدەستبێنێت، یەکەم دەرکەوتنیشی لەگەڵ یانەی مایۆرکا بوو، لە خولی یانە پلە دووەکانی ئیسپانیا و تەمەنیشی 17 ساڵان بوو.

**5 ـ پێهەڵدانی دیل بۆسکی:**

ئەو راهێنەرە ئیسپانییە دووپاتی دەکاتەوە، مارکۆ یاریزانێکی زۆر نایابە، بەڵکو لەوەش زیاتری گوت "بێشک مارکۆ مەزنترین بەهرەمەندی ئێستای ئیسپانیایە".

**6 ـ دەستەوارەی پۆگبا:**

ریال مەدرید تەنیا بە 3.5 ملیۆن یۆرۆ گرێبەستی لەگەڵ ئەسینسیۆ کرد، ئەوەش لە کانوونی یەکەمی 2014 بوو، دوای ئەوەی مارکۆ 14 مانگی لەگەڵ تیپی یەکەمی مایۆرکا بەسەربرد، ئەوەش وا دەکات دەستەوارەکەی ئەستێرەی فەرەنسی پۆل پۆگبا هاوتای 30 دەستەوارەی مارکۆ بێت.

**7 ـ بردنەوە لە بارسیلۆنا:**

یانەی شاهانە لەو دەستەوارەیەدا توانی بەسەر رکابەرە هەمیشەییەکەی بارسا سەرکەوێ، کارگێڕی بارسا بڕی 1.5 ملیۆن یۆرۆی بۆ کڕینی مارکۆ پێشکەش کردبوو، بەڵام یانەی مایۆرکا پێی رازی نەبوو، دواتریش مێرینگێ توانی بیباتە ریزەکانییەوە.

**8 ـ رەتبوون بە ئیسپانیۆلدا:**

هاوشێوەی زۆر لە یاریزانەکانی یانەی شاهانە، مارکۆش یاری بۆ یانەی ئیسپانیۆل کردو توانی پەرە بە ئاست و تواناکانی بدات، بەر لەوەی سەرلەنوێ بگەڕێتەوە ریزەکانی مێرینگێ، هەمان شت لەگەڵ کیکۆ کاسیا، خۆسێ کایخۆن و لۆکاس فاسکێزیشدا روویدا.

**9 ـ رکابەریکردنی گەورەکان:**

پێدەچێت ئەو ئەستێرە لاوە چووبێتە نێو رکابەری گەورەکانی خولی ئیسپانیا، چونکە لە وەرزی 2015 ـ 2016 ناوی لەنێو لیستی ئەو یاریزانانەدا بوو، کە زۆرترین گۆڵیان دروست کردووە، راستەوخۆ لەدوای مێسی، سوارێز، نەیمار و کریستیانۆ رۆناڵدۆ بوو.



### لویس سوارێز زۆر حەزی لە 2 شتە..

# ئاوخواردنەوەو گۆڵکردن لە ریال


**رووداوی وەرزشی ـ CNBC**

لویس سوارێز، هێرشبەری ئۆرگوایی یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی لە هەڤپەیڤینێکی رۆژنامەڤانیدا بێجگە لە تۆپی پێ راشکاوانە باس لە زۆر شتی تایبەت بە ژیانی خۆیشی دەکات و دەڵێت «لەوە باشتر نییە گۆڵ لە ریال مەدرید تۆمار بکەی».

لویس سوارێز، لەو هەڤپەیڤینەدا، کە رۆژنامەی ئێل بایسی ئیسپانی لەگەڵیدا ئەنجامیداوە، زۆر راشکاوانە باس لەوە دەکات کە زۆر حەزی لە 3 شتە و دەڵێت «باشترین کار ئەوەیە تۆ یاریزانی بارسیلۆنا بی و گۆڵ لە ریال مەدرید تۆمار بکەی، هەروەها شتێکی جوانە گۆڵ لە ئەتلەتیکۆ مەدریدیش تۆمار بکەی، کە بەڕاستی ئەو یانەیە بەرگریکاری زۆر باشی هەیە».


ئەوەی زۆر جێگەی سەرنج و سەرسوڕمان بوو، لە قسەکانی سوارێزدا ئەوەبوو کە باسی لەو دوو شتەی دیکەی کرد، کە بێجگە لە گۆڵکردن لە ریال مەدرید حەزیان لێدەکات و گوتی «من لە ژیانی خۆمدا زۆر ئاو دەخۆمەوەو زۆریش دەچمە WC، لەبەرئەوە هەمیشە هاوڕێیانم بە من پێدەکەنن، بەڵام گوێ نادەمە گاڵتەکانیان».

سوارێز هەروەها گوتیشی «پزیشک پێیگوتووم ئەوە حاڵەتێکی تەندروستی ئاسایی نییە، بەڵام من بایەخی پێنادەم، چونکە هەست بە هیچ شتێکی خراپ ناکەم».




ئەگەر محەممەد سەلاحی یاریزانی یانەی رۆما بەشداری لە پێشبڕکێی 100 مەتری ئۆلیمپیاددا کردبا بەدڵنیاییەوە لەدوای یۆسین بۆڵت دەبووە دووەم

محەممەد ئەبو تریکە
(کاپتنی پێشووی هەڵبژاردەی میسر)



حەزدەکەم هاندەران بەردەوام بن لەوەی پێمدەڵێن قەڵەو، چونکە ئەوان چەند ئەو قسانەم پێبڵێن من ئەوەندە زیاتر گۆڵ دەکەم

گۆنزالۆ هیگواین
(هێرشبەری یانەی یوڤانتۆس)



من ئامادە نەبووم گرێبەست لەگەڵ باستیان شڤاینشتایگەر بکەم، چونکە یاریزانێکمان ناوێت کە لەنێو یاریگەدا رانەکات

بریندن رۆدجێر
(راهێنەری یانەی سێلتیک)



بەر لە هەموو یارییەک تاوەکو پێکهاتەی سەرەکی دادەنێم تووشی سەرئێشە دەبم، چونکە هەموو یاریزانەکانم شایەنی ئەوەن بەشێوەی سەرەکی یاری بکەن

زینەدین زیدان
(راهێنەری یانەی ریال مەدرید)



ئەوەی بە دوو هەفتە لەبارەی تۆپی پێوە لە پیپ گواردیۆلا فێربووم لە هەموو ژیانمدا ئەوەندە فێر نەبوومە

فابیان دیلف
(یاریزانی یانەی مانچێستەر ستی)



پۆل پۆگبا هەندێ سیفاتی پلاتینی و هەندێکی زیدانی هەیە، ئەگەر هەندێک چانسی هەبێت دەتوانێت باڵۆن دۆر بباتەوە

جیانلویجی بۆفۆن
(کاپتنی یانەی یوڤانتۆس)

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (414)
سێشەممە 2016/8/30



## خۆی ڕۆیشتووە

بەپێچەوانەی هەموو ئەو هەواڵانەی لەبارەی ڕۆیشتنی کلاودۆی براڤۆی گۆڵپارێزی چیلیی لە یانەی بارسێلۆنای ئیسپانییەوە بەرەو مانچێستەر ستی ئینگلیزی، بڵاوکرانەوەو ڕایانگەیاند کە بارسا براڤۆی ناچارکردووە بڕوات، بەهۆی ئەو فشارەی تیر شتیگنی گۆڵپارێزی ئەڵمانی دەخستە سەر ئیدارەی بارسا بۆ ئەوەی خۆی ببێتە گۆڵپارێزی سەرەکی، ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی ئەو قسانە ڕەتدەکاتەوە دەڵێت «بارسا تەنانەت ئامادەبوو مووچەی براڤۆش زیاد بکات، بەڵام وادیارە ئەو پێیخۆشبوو بچێتە لای پیپ گواردیۆلا، بۆیە بەویستی خۆی ڕۆیشتووە».

## سەیر و سەمەرەو سکانداڵەکانی ئۆڵیمپیاد



# «هیتلەر تەوقە لەگەڵ ڕەشپێستەکان ناکات و یاریزانێکی بەیسبۆڵیش دەبێتە ڕاکەر»

**ڕووداوی وەرزشی - DW**

هەرچەندە خولی یارییەکانی ئۆڵیمپیاد، بە سەکۆیەک دادەنرێت بۆ کۆکردنەوەی وەرزشوانان لەسەرتاسەری جیهاندا، بۆ ئەوەی ڕکابەری لەسەر میدالیا و ژمارە پێوانەییەکان بکەن، کەچی زۆرجار ئابرووچوون و یاریکردن بەخۆوە دەبینێت، کە کەش و هەوای تێکدەدات، لەو ڕاپۆرتەدا دیاترینیان دەخەینەڕوو.

* لە ساڵی 1912 میدالیای زێڕ لە ڕاکەری ئەمریکی جیم سۆرپ سەندرایەوە، کە لە ڕکابەرییەکانی پێنجینە و دەینە بەدەستیهێنابوو، دوای ئەوەی ئاشکرابوو یاریزانی پیشەگەری بەیسبۆڵ بوو و دوو وەرز بە فەرمی بەشداری لە کۆتاییەکانی ئەو یارییەدا کردووە.

* لە ساڵی 1936 هیتلەری سەرکردەی نازی، بڕیاریدا تەوقە لەگەڵ ڕاکەری ئەمریکی بەڕەچەڵەک ئەفریقی جیسی ئۆینز نەکات، چونکە ڕەشپێستە و بەسەر ڕاکەری ئەڵمانیش لۆتس لۆنگ سەرکەوت. ئەو گرتەیە ڕەخنەی زۆری لێکەوتەوە، دوای ئەوەی هیتلەریان بە ڕەگەزپەرست تۆمەتبار کرد.

* لە ئۆڵیمپیادی ساڵی 1972، تیپی تۆپی باسکەی ئەمریکا نزیکبوو لەوەی میدالیای زێڕ بەدەستبێنێت، لە بەرامبەر یەکێتی سۆڤیەتدا، جیاوازی نێوانیان یەک خاڵ بوو و تەنیا 3 چرکە بۆ کۆتایی یارییەکە مابوو، لێرەدا ڕاهێنەری یەکێتی سۆڤیەت داوای کاتی بڕاوی کرد، ئەوکات ئەمریکییەکان پێیانوابوو نازناوەکەیان بەدەستهێناوە. سۆڤیەتییەکان یارییان بە کاژێری نێو یاریگە کرد، ئەوەش کاتی زیاتری پێبەخشین، بەمەش توانیان ئەنجامەکە یەکسان بکەنەوەو لە کۆتاییدا یارییەکەش ببەنەوە.

* لە ساڵی 1992 بەرزکەرەوەیەکی قورسایی ڕووسی بەهۆی ناڕەزایی لە ڕکابەرییەکان دوورخرایەوە، دوای ئەوەی ڕازی نەبوو میدالیای برۆنزی وەربگرێ، بەر لەوەی بۆ هەتا هەتایە ڕابگیرێت.

* لە ساڵی 2008 ڕێگە بە یاریزانی تایکواندۆی کۆبی، ئەنخێل تۆماس نەدرا، بەشداری لە هیچ ڕکابەرییەکی نێودەوڵەتیدا بکات، دوای ئەوەی بۆکسێکی لە ناوبژیوان و بەرپرسێکی دیکە دا.

* دوایین ئۆڵیمپیادیش، کە لە ڕیۆدی جانیرۆی بەرازیلی ڕێکخرا، لە ئابرووچوون بێبەش نەبوو، دوای ئەوەی ڕاپۆرتەکانی ڕاگەیاندن ئاشکرایان کرد، 4 مەلەزانی ئەمریکی توالێتی بەنزینخانەیەکیان شکاند و میزیان بە دیوارەکانیدا کرد و دەرگاکانیشیان شکاند، پاشان هەوڵیاندا بڕۆن بێئەوەی پارەی زیانەکان بدەن، بۆیە پیاوانی ئاسایش بەدەنگەوە هاتن و چەکیان بەڕوویاندا بەرزکردەوە، تاوەکو وەرگێڕێک هات، مەلەزانەکانی ئەمریکا بانگەشەی ئەوەیانکرد کە دزییان لێکراوە، بەڵام پۆلیسی فیدراڵی بەرازیل ڕایگەیاند کە ئەوان بەدرۆ وا دەڵێن.

* هەر لە ڕیۆ، کچە یاریزانێکی جومبازی کۆریای باشوور سێلفییەکی لەگەڵ کچە یاریزانێکی جومبازی کۆریای باکوور گرت، ئەمەش هەرایەکی گەورەی هێنایەوەو تەنانەت وا بڵاوکرایەوە کە کچە یاریزانەکەی کۆریای باکوور ڕووبەڕووی سزای لەسێدارەدان دەبێتەوە، بەڵام دواتر نەزانرا کە چارەنووسی ئەو کچە یاریزانە بە کوێ گەیشتووە.

بارسا لەسەر ڕیال هەڕەشە لە یاریزانەکەی دەکات..

# چیرۆکی ململانێی نێوان ڕیال مەدرید و پیکێ



**ڕووداوی وەرزشی - SPORT**

جیرارد پیکێ، بەرگریکاری بارسێلۆنا و هەڵبژاردەی ئیسپانیا دووبارە مشتومڕێکی زۆری نایەوە، دوای ئەوەی تویتێکی لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بڵاوکردەوە، کە تێیدا گاڵتە بە ڕکابەرە هەمیشەییەکەی ڕیال مەدرید دەکات. لە تویتەکەی پیکێدا هاتووە «هیوام لە چامپیۆنسلیگ؟ ڕووبەڕووبوونەوەی سێیەمی خولی ئیتاڵیایە لە گەڕی 16، هەشتەمی خولی ئەڵمانیا لە چارەکی کۆتایی، چوارەمی خولی ئینگلتەرا لە نیوەی کۆتایی و یاری گەڕانەوەش بەردەوام لە کامپ نو بێت».

ئەوە مەشخەڵی یەکەم ململانێی نێوان ڕیال مەدرید و پیکێ نییە، ئەو ململانێیە کۆنەو ئەوکاتە دەستیپێکرد، کە پیکێ لە وەرزی 2008 - 2009 گەڕایەوە بارسێلۆنا. ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی ڕاپۆرتێکی بڵاوکردووەتەوەو تێیدا، باسی چیرۆکی ململانێی مێژوویی نێوان ڕیال مەدرید و پیکێ دەکات. کە تەواوی چیرۆکەکە بەمشێوەیە:

● 1 - مەشخەڵی یەکەم ئەوکاتە بوو، کە پیکێ هوتافی لەدژی ڕیال مەدرید کێشا، لە کاتی ئاهەنگگێڕانی بارسا بە بەدەستهێنانی 3 نازناوی مێژوویی لە کۆتایی وەرزی 2008 - 2009.

● 2 - پیکێ لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی بارسێلۆنا و ڕیال مەدرید، کە تیپەکەی بە 5 گۆڵی خاوێن یارییەکەی بردەوە لە وەرزی 2010 - 2011، دەست و هەر پێنج پەنجەکەی بەرزکردەوە، وەک ئاماژەیەک بۆ ئەنجامی یارییەکە، ئەو کارەش جەماوەری ڕیال مەدریدی تووڕە کرد.

● 3 - ڕیال مەدرید بە گۆڵێکی خاوێن لە ئێلچی بردەوە، لە ڕێگەی لێدانێکی سزای گوماناویی کە بۆ پیپێ هەژمارکرا، پیکێ لەسەر تویتەر نووسی «سەیری فیلمێکی کۆمیدی دەکەم لەسەر کەناڵ پلاس لیگا. بەشەو ڕەوشەکە بەردەوام باش دەبێت».

● 4 - لە کۆتایی وەرزی 2014 - 2015 لە کاتی ئاهەنگگێڕان بە دووەم 3 نازناودا، پیکێ گاڵتەی بە ڕیال مەدرید، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ و گۆرانیبێژی بەناوبانگ کیڤن ڕۆڵدان کرد، کە ئاهەنگی ڕۆژی لەدایکبوونی دۆنی گێڕا، لەو شەوەی تیپەکەی دۆڕابوو، پاشان پشێوی لەنێو یانەکە سەری هەڵدا.

● 5 - دوای ئەوە بەچەند مانگێک و لە کاتی ئاهەنگگێڕان بە نازناوی سوپەری ئەورووپی بەرامبەر سڤیلیا، پیکێ گوتی «دەی هاوڕێیان با ئاهەنگ بگێڕین، نەفرەت لە ڕیال مەدرید، با سەیری ئاهەنگگێڕانمان بە نازناوەکە بکەن».

● 6 - وەرزی ڕابردوو کێشەی گەورە لەنێوان پیکێ و بەرگریکاری ڕیال مەدرید ئەلڤارۆ ئەربیلوا ڕوویداو چەند جارێک گاڵتەی پێکرد.

● 7 - دواجار پیکێ گاڵتە بەشێوازی بەدەستهێنانی نازناوی چامپیۆنسلیگ لەلایەن ڕیال مەدریدەوە دەکات.

سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی بارسێلۆنا ئاشکرایکرد، کە بارسا بەنیازە یاسایەک دەربکات بۆ سزادانی ئەو یاریزانانەی سووکایەتی بە یاریزان و تیپە ڕکابەرەکانی بارسا دەکەن و گوتی «مەبەستی سەرەکی بارسا لە دەرکردنی ئەو یاسایە دانانی ئاستێکە بۆ پیکێ، بۆ ئەوەی چیدی هێرش نەکاتە سەر ڕیال مەدرید و یاریزانەکانی».

به فەرمانی دیکتاتۆر..

# هەموو مشکەکانی ئۆڵیمپیاد بۆ زیندان

## مۆگابی: دەبێ وەرزشوانانی زیمبابوی هەموو ئەو پارەی لە بەرازیل خەرجیان کردووە بۆ دەوڵەت بگەڕێننەوە

**ڕووداوی وەرزشی - DW**

ماڵپەڕی HERALD ئاشکرایکرد کە ڕۆبەرت مۆگابی سەرۆکی زیمبابوی بڕیاریداوە تەواوی شاندی ئۆڵیمپی وڵاتەکەی، کە بەشداریان لە ئۆڵیمپیادی ڕیۆ 2016دا کردووە، دەستگیر بکرێن و خەرجییەکانی ئۆڵیمپیادیان لێوەربگیرێتەوە.

بەپێی ئەو ماڵپەڕە، مۆگابی زۆر تووڕە بووە لە وەرزشوانەکانی وڵاتەکەی، لەبەر ئەو ئاستە خراپەی لە ئۆڵیمپیادی ڕیۆ 2016دا پێشکەشیان کرد، کە لە کۆی 31 وەرزشوانی بەشداربوو لە یارییە جیاجیاکاندا، کەس نەیتوانیوە میدالیایەک بباتەوە. لەو بارەوە ئەو ماڵپەڕە نووسیویەتی «مۆگابی فەرمانی بە سەرۆکی پۆلیس ئۆجیستین شیهۆری کردووە تەواوی شاندەکە دەستگیر بکات». هەروەها نووسیویەتی «مۆگابی پێیگوتووە ئەگەر یەک لەو 31 وەرزشوانە پلەی چوارەم یان پێنجەمیشی بەدەستهێنابوایە لەوانەیە لێیان خۆش ببام، بەڵام باشترینیان پلەی هەشتەمی بەدەستهێناوە».

ڕۆبەرت مۆگابی، تەمەن 92 ساڵ، کە لە وەتەی ساڵی 1987ەوە دەستەڵاتی وڵاتی گرتووەتە دەست، ئەو وەرزشوانانەی زیمبابوی بە «مشک» وەسف دەکات و دەڵێت «ئەوانە مشکن خۆیان بە وەرزشوان دەزانن، تەنیا بۆ گەشت و سەیران چوونەتە بەرازیل بۆ ئەوەی بە پارەی وڵات ڕابوێرن». هەروەها مۆگابی ڕووی قسەکانی لەو وەرزشوانانە دەکات و دەڵێت «ئەگەر دەزانن وەرزشوان نین و وەک وەرزشوانانی بۆتسوانای دراوسێمان ناتوانن میدالیا ببەنەوە، پێتان گوتباین، نەک پارەی وڵات بەفیڕۆ بدەن، هەموو ئەو پارەی لە بەرازیل خەرجتان کردووە قەرزە لەسەرتان، زوو یان درەنگ پێویستە بدەنەوە دەوڵەت». هەروەها دەشڵێت «ئەگەر بمانویستبا خەڵکێک بۆ گوتنی سروودی نیشتیمانیی زیمبابوی بنێرینە بەرازیل، ئێوەمان نەدەنارد، قوتابیانی زانکۆمان دەنارد».





## گرنگترین یارییەکانی هەفتە

**یاری دۆستانە**
تورکیا - رووسیا
چوارشەممە 31/8/2016
09:15

**یاری دۆستانە**
ئیتاڵیا - فەرەنسا
پێنجشەممە 1/9/2016
10:00

**پاڵاوتنەکانی مۆندیال**
ئۆستراڵیا - عێراق
پێنجشەممە 1/9/2016
01:30

**پاڵاوتنەکانی مۆندیال**
ئێران - قەتەر
پێنجشەممە 1/9/2016
07:30

کۆتایی بە بێهیوایی گەل و ئەفسانەکان هێنا..

# نەیمار گرێکوێرەی 120 ساڵی بەرازیلییەکانی کردەوە

**ئا: رەمزی میرەکانی**

بەرازیل، یەکێکە لە باشترین هەڵبژاردەکان لە مێژووی تۆپی پێدا، چەندین نازناوی جیهانی بەدەستهێناوە، لە مۆندیال 5 جار، جامی کیشوەرەکان، کۆپا ئەمریکا و پاڵەوانیەتی دیکە، بەڵام میدالیای زێڕی ئۆڵیمپیادی لێ یاخی ببوو.

بەرازیل لەوەتەی یارییەکانی ئۆڵیمپیاد لە ساڵی 1896 دەستییپێکردووە، نەیتوانیوە میدالیای زێڕ بەدەستبێنێت، 120 ساڵ تێپەڕی تاوەکو هەڵبژاردەی سامبای ئۆلۆمپی توانی خەونی گەلی بەرازیل بەدەستبێنێت، بە سەرکردایەتی نەیمار دا سیلڤا، کە پێش ئەو هەموو ئەستێرەو ئەفسانەکانی سامبا نەیانتوانی سەرکردایەتی سامبا بکەن، بۆ ئەو دەستکەوتە.

### رۆماریۆ و بیبیتۆ

رۆماریۆ، ئەستێرەی بەرازیلی یاری بۆ گەورەترین یانەکانی جیهان کردووە، هاوشێوەی بارسێلۆنا، نازناوی مۆندیالی 1994 و کۆپا ئەمریکای 1989 و 1997 بەدەستهێناوە، بەڵام لە یارییەکانی ئۆڵیمپیاددا کە ساڵی 1988 لە سیئۆل بەڕێوەچوو، خەونەکەی نەهاتەدی، ئەوکاتەی سیلیساو بەیەکەمی کۆمەڵەی چوارەم سەرکەوت، لە چارەکی کۆتایی لە ئەرجەنتینی بردەوە، لە نیوەی کۆتاییش بە لێدانی یەکلاییکەرەوە لە هەڵبژاردەی ئەڵمانیای بردەوە بە ئەنجامی 3 ـ 2 گۆڵ، بەڵام گورزەکە لە کۆتایی بوو، کاتێک رۆماریۆ و هاوڕێکانی بەرامبەر یەکێتی سۆڤیەت بە ئەنجامی 2 ـ 1 گۆڵ دۆڕاندیان، هەرچەندە لە خولەکی 30 گۆڵی پێشکەوتنی بۆ وڵاتەکەی تۆمارکرد. رۆماریۆ لەو خولەدا 7 گۆڵی تۆمارکرد، لە هێڵی هێرشبردندا ئەستێرەی پێشوو بیبیتۆ هاوڕێی بوو، ئەویش بەشداری لەو ئۆڵیمپیادەدا کرد، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، کە تەنیا 2 گۆڵی تۆمارکرد.

### رۆناڵدۆ و ریڤاڵدۆ

لویز نازاریۆ دی لیما (رۆناڵدۆی دیاردە)، چەندین خەڵاتی تاکەکەسی بەدەستهێناوە، وەک خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهان، بێجگە لە بەدەستهێنانی نازناوی مۆندیال لە ساڵانی 1994 و 2002، بەڵام ئەویش لە یارییەکانی ئۆڵیمپیادی ساڵی 1996 لە ئەتڵانتا بێهیوا بوو، ئەوکات سامبا بە یەکەمی کۆمەڵەی چوارەم سەرکەوت، پاشان بە ئەنجامی 4 ـ 2 گۆڵ لە غانای بردەوە، دواتر بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بە نایجیریا دۆڕا، بۆیە نەیتوانی بگاتە یاری کۆتایی و رکابەری لەسەر میدالیای زێڕ بکات، تەنیا میدالیای برۆنزی بەدەستهێنا. ئەستێرەیەکی دیکە هاوبەشی رۆناڵدۆ بوو لەو بێهیواییەی ئەتڵانتا، ئەویش ریڤاڵدۆ بوو، کە توانی نازناوی مۆندیالی 2002 بەدەستبێنێت، خەڵاتی باشترین یاریزانی لە جیهانیش بەدەستهێنا، هەروەها یاری بۆ چەندین یانەی گەورە کردووە هاوشێوەی میلان و بارسێلۆنا، بەڵام لە کۆتاییدا لە بەدەستهێنانی میدالیای زێڕ سەرکەوتوو نەبوو.

### رۆناڵدینیۆ

کەس لەسەر ئەوە ناکۆک نییە، کە رۆناڵدینیۆ یەکێکە لە باشترین ئەو یاریزانانەی، بە مێژووی تۆپی پێدا تێپەڕیوون، لە میانی درەوشانەوەی لەگەڵ بارسێلۆنادا، هەروەها لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەشی لە 2002 و بەدەستهێنانی نازناوی مۆندیال، بەڵام لە ئۆڵیمپیادی 2008 کە لە پەکین بەڕێوەچوو، بەرازیل لەگەڵ رۆناڵدینیۆ سەرەتا بە جێگیریی هەنگاوی نا، توانی بە یەکەمی کۆمەڵەی سێیەم سەرکەوێت و 9 گۆڵیش تۆمار بکات، دواتر بە 2 گۆڵی خاوێن کامیرۆنی وەدەرنا، بەڵام لە نیوەی کۆتایی بە ئەنجامی 0 ـ 3 گۆڵ بە ئەرجەنتین دۆڕا، رۆناڵدینیۆ بە بردنەوە لە بەلجیکا بە ئەنجامی 1 ـ 0 گۆڵ میدالیای برۆنزی بەدەستهێنا.



«ئەوەی هەموو ئەفسانەکان بۆ بەرازیل نەیانکرد نەیمار کردی»

## پاڵاوتنەکانی مۆندیال (ئەمریکای باشوور)

**پێنجشەممە 2016/9/1**

| | |
|---|---|
| بۆلیڤیا - پیرۆ | 11:00 |
| کۆلۆمبیا - ڤەنزویلا | 12:00 |
| ئیکوادۆر - بەرازیل | 12:00 |

**هەینی 2016/9/2**

| | |
|---|---|
| ئەرجەنتین - ئۆرۆگوای | AM 02:30 |
| پاراگوای - چیلی | AM 03:00 |

| هەڵبژاردە | خاڵ |
|---|---|
| ئۆرۆگوای | 13 |
| ئیکوادۆر | 13 |
| ئەرجەنتین | 11 |
| چیلی | 10 |
| کۆلۆمبیا | 10 |
| بەرازیل | 9 |
| پاراگوای | 9 |
| پیرۆ | 4 |
| بۆلیڤیا | 3 |
| ڤەنزویلا | 1 |

| یاریزان | هەڵبژاردە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ فیلیپی کایسیدۆ | ئیکوادۆر | 4 |
| 2 ـ داریۆ لیزکانۆ | چیلی | 4 |
| 3 ـ کارلۆس باکا | پاراگوای | 4 |
| 4 ـ ئەلیکسیس سانچێز | چیلی | 3 |
| 5 ـ جیمیس رۆدریگز | کۆلۆمبیا | 3 |

## پاڵاوتنەکانی جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا

**هەینی 2016/9/2**

| | |
|---|---|
| باشووری ئەفریقیا - مۆریتانیا | 08:00 |
| سۆدان - گابۆن | 08:00 |

**شەممە 2016/9/3**

| | |
|---|---|
| ئیسیۆبیا - سیشێل | 04:00 |
| ئۆگەندا - دورگەکانی قەمەر | 04:00 |
| کامیرۆن - گامبیا | 05:30 |
| ئەنگۆلا - مەدەغشقەر | 06:00 |
| نایجیریا - تەنزانیا | 07:00 |
| کاپ ڤێردی - لیبیا | 08:00 |
| مۆزەمبیق - مۆریشیس | 08:30 |
| سەنیگال - نامیبیا | 08:30 |
| گانا - رواندا | 08:30 |
| کوتدیڤوار - سیرالیۆن | 09:00 |
| بۆرکینا فاسۆ - بۆتسوانا | 09:00 |

**یەکشەممە 2016/9/4**

| | |
|---|---|
| مالاوی - سوازیلاند | 04:00 |
| گینیا - زیمبابوی | 05:30 |
| زامبیا - کینیا | 05:30 |
| کۆنگۆ - گینیا بیساو | 05:30 |
| گینیای ئیستیوائی - باشووری سۆدان | 07:00 |
| کۆماری کۆنگۆ - ئەفریقیای ناوەڕاست | 07:30 |
| مالی - بینین | 08:30 |
| تونس - لیبیریا | 08:30 |
| نەیجر - بۆرۆندی | 08:30 |
| تۆگۆ - جیبۆتی | 08:30 |
| مەغریب - ساوتۆمی | 10:00 |
| جەزائیر - لیسۆسۆ | 10:30 |

## پاڵاوتنەکانی مۆندیال (ئەوروپا)

**یەکشەممە 2016/9/4**

| | |
|---|---|
| لیتوانیا - سلۆڤینیا | 07:00 |
| کازاخستان - پۆڵەندا | 07:00 |
| دانیمارک - ئەرمینیا | 07:00 |
| سلۆڤاکیا - ئینگلتەرا | 07:00 |
| سان مارینۆ - ئازەربایجان | 07:00 |
| رۆمانیا - مۆنتینیگرۆ | 09:45 |
| ماڵتا - سکۆتلاند | 09:45 |
| نەرویج - ئەڵمانیا | 09:45 |
| چیک - ئێرلەندای باکوور | 09:45 |

**دووشەممە 2016/9/5**

| | |
|---|---|
| جۆرجیا - نەمسا | 07:00 |
| ئیسپانیا - لیشتنشتاین | 09:45 |
| کرواتیا - تورکیا | 09:45 |
| ئەڵبانیا - مەقدۆنیا | 09:45 |
| ئیسرائیل - ئیتاڵیا | 09:45 |
| ئۆکرانیا - ئایسلاند | 09:45 |
| سربیا - ئێرلەندا | 09:45 |
| وێڵز - مۆڵدۆڤا | 09:45 |
| فینلەندا - کۆسۆڤۆ | 09:45 |

## پاڵاوتنەکانی مۆندیال (ئاسیا)

**پێنجشەممە 2016/9/1**

| | |
|---|---|
| ئۆستراليا - عێراق | 01:30 |
| ژاپۆن - ئیمارات | 01:35 |
| کۆریای باشوور - چین | 02:00 |
| ئۆزباگستان - سووریا | 06:00 |
| ئێران - قەتەر | 07:30 |
| سعوودیە - تایلاند | 08:30 |

**سێشەممە 2016/9/6**

| | |
|---|---|
| عێراق - سعوودیە | 02:00 |
| چین - ئێران | 02:35 |
| سووریا - کۆریای باشوور | 03:00 |
| تایلاند - ژاپۆن | 03:15 |
| ئیمارات - ئۆستراليا | 06:30 |
| قەتەر - ئۆزبەگستان | 07:00 |

## یاری دۆستانە

**سێشەممە 2016/8/30**

| | |
|---|---|
| قیرغیزستان - کازاخستان | 05:00 |

**چوارشەممە 2016/8/31**

| | |
|---|---|
| ئیستۆنیا - ماڵتا | 07:00 |
| ئەڵبانیا - مەغریب | 07:00 |
| چیک - ئەرمینیا | 08:15 |
| نەرویج - بیلاڕووسیا | 08:30 |
| دانیمارک - لیشتنشتاین | 09:00 |
| تورکیا - رووسیا | 09:15 |
| ئەڵمانیا - فینلەندا | 09:45 |
| ئێرلەندا - عومان | 09:45 |

**پێنجشەممە 2016/9/1**

| | |
|---|---|
| هۆڵەندا - یۆنان | 09:45 |
| ئیتاڵیا - فەرەنسا | 10:00 |

**هەینی 2016/9/2**

| | |
|---|---|
| لاتڤیا - لۆکسمبۆرگ | 08:30 |

**پاڵاوتنەکانی مۆندیال**
نەرویج - ئەڵمانیا
یەکشەممە 4/9/2016
09:45

**پاڵاوتنەکانی مۆندیال**
ئەرجەنتین - ئۆرۆگوای
هەینی 2/9/2016
AM 02:30

**پاڵاوتنەکانی مۆندیال**
ئیکوادۆر - بەرازیل
پێنجشەممە 1/9/2016
12:00

**یاری دۆستانە**
هۆڵەندا - یۆنان
پێنجشەممە 1/9/2016
09:45

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (414)
سێشەممە 2016/8/30

## وایزانی گاڵتەیە



یاسـپێر سیلیسـینی گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی هۆڵەندا ئاشـکرایکرد ئەوکاتەی پێیانگوتووە یانەی بارسێلۆنای ئیسـپانی دەستەوارەیەکیان پێشکەشی یانەی ئەیاکس ئەمستردام کردووە بۆ ئەوەی بچیتە ریزەکانی ئەو یانەیە، ئەو بڕوای نەکردووەو وایزانیوە گاڵتەی پێدەکەن. لەو بارەوە سیلیسین بە ماڵپەڕی فەرمی یانەی بارسێلۆنای گوت «لە راستیدا کە پێیانگوتم بارسا داوای تۆی کردووە، بڕوام نەکرد، وامزانی گاڵتەم لەگەڵ دەکەن، بەڵام دواتر راست دەرچوو». هەروەها گوتیشی «زۆر خۆشحاڵم کە یاری بۆ باشترین یانەی جیهان دەکەم، شانازییە لەهەمان تیپی مێسی و سوارێز یاری بکەم».

## دەزانی کوڕی نەیمار ناوی 2 سەگەکەی کردووەتە چی؟!

# "نەیمار و مێسی"



**ڕووداوی وەرزشی ـ SAMBA**

داڤی، کوڕی نەیمار دا سـیلڤای ئەسـتێرەی هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی بارسـێلۆنای ئیسـپانی، بەشـێوەیەکی نا ئەنقەسـت سووکایەتی بە باوکی خۆی و لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی کەتالۆنی دەکات و ناوی هەردوو سەگەکەی دەکاتە نەیمار و مێسی.

ڕۆژی 2016/8/24، ڕێکەوتی ڕۆژی لەدایکبوونی داڤی کوڕی نایمار دا سـیلڤای ئەستێرەی بارسێلۆنا بوو، کە باوکی چەند ڕۆژێک پێش ئێستا توانی میدالیای زێڕ لە یاری تۆپی پێ لە ئۆڵیمپیادی ریۆ 2016 لە بەرازیل بەدەسـتبێنێت. داڤی بەو بۆنەیەوە لەلایەن کەسـێکی نزیک لە خانەوادەکەیان دیارییەکی پێشکەشکرا، کە دوو توتکە سەگ بوون، تاوەکو ئێرە ئاساییە، بەڵام ئەوەی ئاسایی نەبوو، ئەوەبوو کە ئەو کوڕەی نەیمار هەڵوێستێکی چاوەڕوان نەکراوی نواندو ناوی لە دوو توتکە سەگەکەی نا «نایمار و مێسی»، کە لە راستیدا ئەو هەڵوێستەی داڤی تەنیا وەک سەرسامییەک بوو بەو دوو ئەستێرە جیهانییە، بەڵام تا ڕاددەیەک بۆ دوو ئەستێرەکەی بارسێلۆنا شەرمەزارانە بوو. نەیمار لەگەڵ خۆشەویسـتانی بەشـداری لەو سـاتە خۆشـەدا کرد، کە داڤی زۆر بە بێگەردی و دڵسافی ناوی هەردوو توتکە تازەکەی ئاشکرا کرد، کە بە ڤیدیۆ وێنەی گیراوە بڵاوکراوەتەوە.

## دڵی لەشجوانێک لەنێو جانتاکەیدایە



**ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC**

هەنـدێ لـە سـەوداسـەرانی تـۆڕی کۆمەڵایەتـی فەیسـبووک، کۆمەڵێـک وێنـەی یاریزانێکـی لەشـجوانیان دەستاودەسـت کـرد، کە نـاوی ئەندرۆ جۆنـزەو هیـچ لێدانـی ترپـەی دڵ لـە جەسـتەیدا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا کاری لەسەر دروستکردنی جەستەی کردووە، بـە ئەنجامدانی ڕاهێنانی قـورس لەنێو هۆڵەکانی وەرزشدا.

ئـەو یاریزانـە ئەمریکییـە، 2 سـاڵ پێش ئێسـتا تووشـی ڕووداوێـک بوو، کـە بووە هـۆکاری جیاکردنـەوەی دڵی لـە جەسـتەی، پزیشـکان بـە چاندنی دڵێکی دەسـتکرد توانیـان ژیانی ڕزگار بکـەن، ئەو دڵـەش مەحاڵ بـوو لەنێو جەسـتەیدا بچێندرێت، بۆیە پزیشکان ناچاربوون دڵەکەی ئەندرۆ لە دەرەوەی جەستەی بهێڵنەوە، بۆ ئەمەش پەنایان بۆ دانانی لەنێو جانتای پشت برد، واتە ژیانی ئەو وەرزشـوانە بەستراوەتەوە بە بوونی جانتاکە، کـە دڵە جیاکراوەکەی لە جەسـتەی تێدایە. لەگەڵ ئەوەشـدا بەردەوامـە لە وەرزشـی لەشـجوانی و بەردەوام مەشق و ڕاهێنانەکانی ئەنجام دەدات. ئەندرۆ جۆنز، تەمەن 26 ساڵان، سـاڵی 2012 دڵی بەتەواوی وێران بوو، بۆیـە دڵیـان بـە خوێـن دەردەرێکـی دەسـتکرد LVAD گـۆڕی، کـە ڕۆژانە بارگاوی دەکاتەوە بۆ ئەوەی کاری دڵی بۆ ئەنجام بدات، دوای چاکبوونەوەشـی گەڕایـەوە نێو هۆڵەکانی وەرزشـکردن، بۆ ئەوەی جەسـتەی خۆی بەو شێوەیە بنیات بنێت.

## پێشبڕکێ



### بە کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

**0750 833 3555**



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

**عیماد حوسین لە هەڵەبجەی شەهید**

بە لێدوانی:

**(گریانێکی تەماوی، گورگێکە بە داماوی)**

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (414)
سێشەممە 2016/8/30

## 4 LOTTO پەنجاو یەکەمین پێشبڕکێ

شـەش کۆبۆنی یەک بـەدوای یەک، واتا هی شـەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (ڕووداو وەرزشـی)ت لێکڕیـوە. بـەو جـۆرە لەتیروپشـکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان

1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ..............................

مۆبایل : ..............................

(ڕووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە






RÛDAW

(ڕووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

www.rudaw.net

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد

هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
ڕووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە